# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زاییـنـی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کـوردی ٢٠٢٤ی زاییـنـی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاوێژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# تێما لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن بە نموونەی چیرۆکی (خوشکەکان، بێوەژن، گەڕەکی داهۆڵەکان)

م. ی. نەسرین ڕەئوف سمایل
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان،
زانکۆی سەلاحەددین
nasreen.ismail @su.edu.krd

پ. د. فوئاد ڕەشید محەمەد
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان،
زانکۆی سەلاحەددین
Fuad.mohammd@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: تێما لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن بە نموونەی چیرۆکی (خوشکەکان، بێوەژن، گەڕەکی داهۆڵەکان)ەوە خراوەتە ڕوو، وەک ئاشکرایە بابەتی تێما بابەتێکە ئامادەیی لە نێو بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی نوێی ئەوروپی و عەرەبیدا هەیە، ڕەخنەگرانی کوردیش لەم ساڵانەی دواییدا گرنگییەکی زۆریان پێ داوە. زاراوەی (تێما) لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆڵی سەرەکی لە ئاشکراکردن و دۆزینەوەی بیرۆکەی سەرەکیی دەقی ئەدەبیدا هەیە.

گرنگیی توێژینەوەکەمان لەوەدایە تا ئێستا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی زۆر کەم دەست بۆ ئەم بابەتە بردراوە؛ بۆیە دەکرێ بڵێین توێژینەوەکە دەرگایەکی نوێیە بە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا.

کلیلەوشە: تێما، چیرۆک، قەیرەیی، بیرۆکەی سەرەکی، چەوساندنەوەی ئافرەت

**پێشەکی**

پێکهاتـەی توێژینەوەکـە: ئـەم توێژینەوەیـە کـە بـە نـاوی (تێـما لـە چیرۆکەکانـی شـێرزاد حەسـەن بـە نموونـەی چیرۆکی(خوشـکەکان، بێـوەژن، گەڕەکـی داهۆڵـەکان)ە، جگـە لـە پوختـە بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی، لـە پێشـەکی و دوو بـەش و ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکانی کـە سـوودمان لـێ بینیـوە بـۆ لێکۆڵینەوەکـە پێـک هاتـووە. بەشـی یەکـەم تیۆرییـە و لـە سـێ تـەوەر پێـک هاتـووە، تـەوەری یەکـەم خـۆی لـە باسـی زاراوەی (تێـما) لـە ڕووی زمـان و زاراوەوە لـە لایـەن ڕەخنەگرانـی ئەوروپـی و عەرەبـی و کـوردی، لەگـەڵ تێڕوانینـی خۆمـان بەکورتـی، دەبینێتـەوە، لـە تـەوەری دووەمیشـدا بـاس لـە ناسـاندنی زاراوەی تێـما لـە ڕەخنـەی ئەدەبیـدا بـاس کـراوە، لـە تـەوەری سـێیەمدا بەکورتـی باسـمان لـە چەمکەکانـی (قەیرەیـی، چەوسـاندنەوەی ئافـرەت، برسـێتی) کـردووە. لـە بەشـی دووەمـدا کـە پراکتیکییـە، بـە ناونیشـانی: تێـما لـە چیرۆکەکانـی شـێرزاد حەسـەن بـە نموونـەی چیرۆکی(خوشـکەکان، بێـوەژن، گەڕەکـی داهۆڵـەکان)، بـە سـێ تـەوەر خراوەتـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە.

**میتـۆدی توێژینەوەکـە:** بـۆ کارکـردن لەسـەر ئـەم توێژینەوەیـە سـوودمان لـە ڕەخنـەی تێماتیکـی وەرگرتـووە.

**هـۆکاری هەڵبژاردنـی ئـەم توێژینەوەیـە:** لەگـەڵ ئـەوەی زاراوەی تێـما لـە ڕەخنـەی ئەدەبـی ئەوروپـی و ڕەخنـەی عەرەبـی زۆر کاری لەسـەر کـراوە؛ بـەڵام لـە ڕەخنـەی ئەدەبـی کوردیـدا کەمـتر ئـاوڕ لـەم بـواری تێماتیکییـە دراوە و بەگشـتی و بـە تایبەتیـش خوێندنـەوەی ڕەخنەیـی بـۆ چیرۆکەکانـی شـێرزاد حەسـەن لـە ژێـر ڕۆشـنایی میتـۆدی ڕەخنـەی تێماتیکـدا تاوەکـو ئێسـتا توێژینـەوەی لەسـەر ئەنجـام نـەدراوە؛ بۆیـە بـە پێویسـتمان زانـی توێژینەوەکـە لەبـارەی زاراوەی تێـما لـە چیرۆکەکانـی (شـێرزاد حەسـەن)ەوە بێـت.

**ئامانجـی توێژینەوەکـە:** ئاشـکراکردن و خسـتنەڕووی تێماکانـی نێـو چەنـد چیرۆکێکـی (شـێرزاد حەسـەن)ە، زۆرجـار خـۆی لـە پشـت ناونیشـان و دەسـتەواژەی نێـو دەقـەکان شـاردۆتەوە.

**بەشی یەکەم**

**تەوەری یەکەم: تێما لە ڕووی زمانەوە**

سـەرەتا بـا لـە ڕووی زمانـەوە سـەرنجی زاراوەی (تێـما) بدەیـن، بـە مەبەسـتی زانینـی مانـا و بنجـی وشـەکە. زاراوەی (تێـما) لـە زمانـی یۆنانـی لـە وشـەی (تیتینـی Tithenai)کـە بـە مانـای دانـان، بابەتـی دیالـۆک و گفتوگۆکـردن، تێڕامـان، پێکهێنـان، یـان بابـەت دێـت. (Sollors,١٩٩٣,p.١)

لێکۆڵـەری زمانەوانـی فەرەنسـی جاکلیـن بیکـوش پێـی وایـە وشـەی تێـما لـە سـەدەی (١٣ز)بـە واتاوشـەی (sujet) کـە لـە زمـانی عـەرەبی بـە واتـای (کێشـە یـان نـاوەڕۆك، یـان مـادده، یـان بیرۆکـە) دەهـات، لـە سـەدەکانی (١٦ و ١٧ز) گەشـەی کـرد بـۆ واتـای تاقیکردنـەوەی قوتابخانـە، دواتـر بـۆ ئەسـتێرەناسی و ئینجـا لـە سـەدەی (١٩ز) بـۆ زانسـتەکانی مۆسـیقا و زمـان بـەکار هـات، هـەر لـەم ماوەیـەدا وشـەی تێماتیـك دەرکـەوت (وغلیـسی،٢٠٠٧، ص٤٨١-١٤٩). لـە فەرهەنگـی (معجـم التاریخـي للغـة الفرنسـیة)دا هاتـووە کـەTheme لـە لاتینـی لـە وشـەی (تێـما- Thema) هاتـووە کـە لـە بنچینـەدا یۆنـانی بـووە و لـە کاری دانـان (تیتینـی Tithenai) وەرگـیراوە کـە بـە مانـای مشـتێك دێـت، دواتـر وشـەکە پێشـکەوتنی بەخـۆوە بینـی و بـەکار هـات بـۆ برێـك پـارە، خێـر و چاکـە، ڕەگـی وشـە، شـوێنی ئەسـتێرە لـەکاتی لـە دایکبـوون، لـە کۆتاییـدا بـۆ بابـەتی خوتبـەدان بـە کار هێـنرا (تـروش،٢٠١٥، ص١٧). لـە فەرهەنگـی {معجـم اللغـة الفرنسـیة} دا "تێـما وشـەیەکی یۆنانییـە و بـە واتـای پێشـنیار، بـیر، بابـەتی دوانـدەری، ئـەم واتایـەی کـە بابـەتی قسـە و گفتوگـۆی کەسـێکە، یـان چەقـی سـەرقاڵی بـوونی کەسـێکە یـان ئـەو شـتەیە کـە ئەنجامـدانی برێـک، یـان زانسـتێکی لـە سـەر دادەمەزرێـت» (تـروش، ٢٠١٥،ص١٧) سـمیر سـعید حجـازی لـە بەرامبـەر زاراوەی تێـما (theme) زاراوەی بابـەتی بـەکار هێنـاوە. (حجـازي، ٢٠٠١،ص: ١٣٨).

لـە ڕەخنـەی ئەدەبـی کوردیشـدا هەمـان حاڵـەت بـەدی دەکرێـت و ڕەخنەگـر و نووسـەرانی کـورد هـاوڕا نیـن لـە بەکارهێنانـی زاراوەیـەک لـە بەرامبـەر زاراوەی (تێـما)دا. بـۆ نموونـە: ئەنـوەر قـادر محمـد لەبـارەی تێـما دەڵـێ: "theme-

بابەت (موضوع) وشەیەکی یۆنانییە، بنەما دەگەیەنێ، ئەوەی کە بنەڕەتییە، ئەو ڕووداوانەی کە بنەمای بەرهەمی ئەدەبی پێك دێنن" (محەمەد،٢٠١١،ل٩١). لە کتێبی (زاراوەی ئەدەبی)دا لە بەرامبەر زاراوەی تێما (theme) (واتای سەرەکی)یان بۆ بەکار هێناوە (ئامادەکردنی لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٦، ل٩٨).(نەوزاد ئەحمەد) لە فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ناوی تێما بە (تێم) یان (تێما) ناو دەبات: "بە مانای (جەوهەری بابەت)، یان (مانایەکی دیاریکراوی زاڵ لە نێو بابەتەکە) یان (فیکرەی جەوهەری) دێ" (ئەسوەد، ٢٠١٥، ل١٤١)، هەروەها (هەژار فەقێ سلێمان) لەبارەی تێما گوتوویەتی: "تێما لە ئەدەبدا بە واتای بابەت، یان ڕوونتر بڵێین بە واتای بابەت و فکرەی سەرەکی دێت" (سلێمان، ٢٠١٥، ل٦٨)

لە (فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی)دا، لە بەرامبەر زاراوەی تێما (تێم، واتای سەرەکی) بەکار هاتووە. (سەجادی، مەحموودی، ٢٠٠٤، ل٦٨) فەرشید شەریفی لە بەرامبەر زاراوەی تێما زاراوەکانی: "پوختەی پەیام، ناوکی پەیام، بابەت، واتای سەرەکی، بوار، تێم"ی بەکار هێناوە.

لەگەڵ بوونی ئەم زاراوە جیاوازانەی کە لە بەرامبەر زاراوەی (تێما)دا هاتووە؛ بەڵام لەبەر بەربڵاوی زاراوەی تێما، لە بەکارهێناندا زاراوەی (تێما) مان پێ پەسندترە لە زاراوەکانی تر.

### تەوەری دووەم

### پێناسەی زاراوەی تێما لە ڕەخنەی ئەدەبیدا

زاراوەی (تێما) لە سەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بە مانا و مەبەستی جیاواز پێناسە کراوە. تێما بریتییە لە: «بیرۆکەیەکی گەورە، بۆ ئەوەی تێماکە بەدەست بهێنین پێویستە بۆ دەقەکە بگەڕێینەوە و بزانین چ جۆرە ئەزموونێکی گشتی، یان هەموو وردەکارییەکانی بابەتێک چۆن بە یەکەوە بەستراوەتەوە. ئاسانترین ڕێگا بۆ ئەمە بریتییە لە کۆکردنەوەی بەرهەمەکان، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین دەقی (ماکبێت)ی شەکسپیر، بریتییە لە تێمای خراپەکاری، هەست دەکەین کە ئەمە تێمای زۆربەی بەرهەمەکانی شەکسپیرە».(peck and coyle,٢٠٠٧, p.١٦٥)بە واتایەکی ڕەوان «تێمای بابەتێک خودی بابەتەکە نییە؛ بەڵکو بیرۆکەی سەرەکی بابەتەکەیە، کە لەوانەیە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەربکەوێت. بۆ نموونە: تێمای شانۆگەری عوتێل ئیرەییکردن بوو» (J.A.cuddon,٢٠٠٦,p.٩١٣)

جان بیار ریشار وای دەبینێت کە تێما: «بنەمای ڕێکخستنی هەستپێکراوە، یان جووڵەی ناوخۆیە، یان شتێکی جێگیرە ڕێ بە جیهانی دەوروبەرەکەی دەدا بۆ پێکهێنان و فراوانکردن، خاڵی گرنگ لەم بنەمایە خۆمەڵاسدانە لەو خزمایەتییە نهێنییەی لە وەك یەکی (بەرانبەری) شاراوە کە مەبەستێتی لە ژێر چەندین پۆشاردا ئاشکرای بکات» (حسن،١٩٩٠، ص٣٨) بە ڕای جون پول ویبەر J-P. Weber (*theme*)) شوێنەواری یادەوەریی منداڵییە لە مێشکی نووسەرێک (یان بەگشتی، لە مێشکی هونەرمەندێک، زانایەک، فەیلەسوفێک، هتد) بە جێماوە. یادەوەریی تێماتیکی (souvenir thématique)، هەمیشە نائاگایانە نییە، وەلێ ئەوەی هەمیشە نائاگایانەیە، بەپێچەوانەوە، پەیوەندیی تێمە بە بەرهەمەکەوە" (Weber,١٩٦٣,p.٩) پێمان وایە نزیکەی تەواوی بەرهەمی نووسەرێک «بەگشتی نزیکەی تەواوی بیرۆکەکان، هەڵسوکەوتەکان، هەستەکانی هەرکەسێک) بواری مۆدیلکاری تێمە تایبەتەکە دروستدەکات» (Weber,١٩٦٣,p.٩-١٠)). (دانییل بەرجیز) لە پێناسەی تێمادا ئاماژە بە هۆکاری بوونی هۆشیاری بەشتێك دەکات «تێما -لە ناو دەق- خاڵی بنچینەیە کە لە ڕێگەی هەست بە بوون لە دەقەکە تێدەپەڕێت و ئاشکرای دەکات» (ظاظا،١٩٩٧، ص١١٢-١١٣). ئەدیث کریزویل- یش لەبارەی تێمادا دەڵێ: «یەکەیەکی دەلالییە و لە ناو بواری ئەدەب دەکەوێتە نێو دەقێک، یان کۆمەڵە دەقێکەوە، وەک: تێمای مردن، تێمای خۆشەویستی...» (کریزویل،١٩٩٣، ص٤١٧).بە ڕای میشێل کۆلۆ تێما لە بەرهەمێکدا بەردەوام سیفەتی دووبارەکردنەوەی هەیە: تێما دووبارە کراوەیە، بە واتای ئەوەی لە هەموو کارێکدا دووبارە دەبێتەوە، ئەم دووبارەبوونەوە بە گوزارشتکردن لە هەڵبژاردەی (خیار) بوونایەتی دادەنرێت» (کولو،١٩٩٧، ص٣٥)، هەروەها بە ڕای کۆلۆ تێما: «واتای تاکی شاراوە و مادییە، کەگوزارشت لە

پەیوەندی هەڵچووی بوونەوەر لەگەڵ جیهانی هەستپێکراو دەکات، بە هۆی دووبارەکردنەوەی هاوتوخمە گۆڕانکراوەکانی لە ناو دەقەکاندا دەردەکەوێت» (کولو،١٩٩٧، ص٣٦)

هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە تێما: «ئەوەیە کە مەبەستێکی دیاری واتادار کە لە کاری ئەدەبیدا بوونی هەیە، جیهانی تایبەتی نووسەر پێکدەهێنێت» (ظاظا، ١٩٩٧، ص١١٣) لە کتێبی معجم الادبی -دا لەبارەی تێما گوتراوە: ”تێما ئاخافتنە: ئەو ماددەیە کە لێکۆڵینەوەی زارەکی، یان نووسراوی لە سەر دەکرێ، وەک ئەوەی کە دەڵێین: بابەتی گفتووگۆ، بابەتی ڕۆمان...هتد» (عبدالنور، ١٩٨٤، ص٢٧٢). هەردوو نووسەری (معجم المصطلحات العربیة فی اللغة والادب) لە پێناسەی تێما گوتوویانە: «ئەوەیە کە بەرهەمی ئەدەبی بە دەوریدا دەخوولێتەوە، جا چ بە ئاشکرا چ بە شاراوەیی ئاماژەی بۆ کردبێت» (وهبة -المهندس، ١٩٨٤، ص٣٩٦) هەروەها تێما بریتییە: لە کۆمەڵە هاوواتایەك کە سەر بە یەك خێزانی زمانەوانییە (علوش، ١٩٨٩، ص ٣٩). ڕەخنەگری جەزائری یوسف وەغلیسی لە پێناسەی تێمادا دەڵێ: «تۆڕێکە لە دەلالات، یان ڕەگەزێکی دەلالی دووبارەکراوە لە کاری هەر نووسەرێك» (وغلیسی، ٢٠٠٧، ص١٤٩)

تێما بۆ داهێنانی ئەدەبی بە پێش هەموو بنەما و چەمکەکان دەکەوێت، چونکە: «تێما ئەو بنەمایەیە کە تیایدا هەموو چەمکەکانی ڕەخنەی تێماتیکی کە لە سەری دادەمەزرێت بە یەک دەگەن، هەروەها تێما لە ڕیزبەندی بە پێش هەموو چەمکەکان دەکەوێت، چونکە خاڵی بنەڕەتییە کە ڕەگەزەکانی بوونی داهێنان بە وی دەست پێ دەکەن و هەر بۆ ئەویش دەگەڕێنەوە» (حسن، ١٩٩٠، ص٣٧، ٣٩) بە بۆچوونی جبور عبدالنور تێما: «ئەو ناوەڕۆکەیە کە لە بیرو هزرماندا دێت و دەچێت، ئەمەش خودمان نییە، **بەم واتایەش** تێما نیشانەیە بۆ هەستەکان، یان سۆزەکان، یان وێنە، پێویست نییە نیشانەی شتێك بێت لە جیهاندا بوونی هەبێت» (عبدالنور، ١٩٨٤، ص٢٧٢) لەبارەی بابەتیش دەڵێ: «خودی نییە، وەسفی شتەکان دەکات وەك چۆن خۆی و هەموو خەڵکانی تر دەیبینن، بابەت ئەوەیە کە شتەکان دێنێتە بەرچاو بەبێ شێواندنیان بە دانان و تێکەڵکردنیان بە ڕەوچاوکردنی کەسێتی» (عبدالنور، ١٩٨٤، ص٢٧٣). زاراوەی تێما ئاماژە بە بیرۆکە یا پێشنیارێك دەکات بە مەبەستی شیکردنەوە و پێشخستنی لە وتار، یان لە گفتوگۆ، یان بۆ دانەرێکی فێرکاری، یان ئەدەبی (عبدلي، ٢٠٠٣، ص١٩-٢٠). لە (فرهنگ اصطلاحات ادبي) بەم شێوەیە پێناسەی تێما کراوە: «بریتییە لە بیرێکی ڕەسەن و سەرەکی زاڵە لە هەر بەرهەمێکدا، هێڵێکەیان زنجیرەیەکە بەدرێژایی بەرهەمەکە دەکێشرێت، تێمەی هەر بەرهەمێك لایەنی بیر و هۆشی نووسەرەکە پیشان دەدات» (داد، ٢٠٠٨، ل٢١٩)

لە (فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی)دا وا باس لە تێما کراوە کە: «ئەو چەمك و بیرۆکە، یان فیکرە سەرەکی و ناوەندییەی بەرهەمە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان نائاشکرا ئاراستەی خوێنەر ئەکات و بە یەکێك لە تایبەتمەندی و ئەرك، یان تەنانەت مەبەستی بەدیهاتنی بەرهەمێکی ئەدەبی خەیاڵکرد دادەنرێ. بە واتایەکی ساکار تێم ئەو شتەیە کە بەرهەمی ئەدەبی بە خوێنەری ئەدا» (سەجادی، مەحمودی، ١٥٤، ٢٠٠٤) عەبدوڵلا سەراج لەبارەی ناساندنی زاراوەکە دەڵێ: «پوختە و کرۆکی بۆچوونی نووسەرە لەبارەی شتێکەوە یان هزری ناوەندی بەرهەمەکەیە، بە نموونە: جەنگ ناوەڕۆکی (شەڕ و ئاشتی) تۆڵستۆیە، خراپەکاری ناوەڕۆکی (تاوان و سزا)ی دیستۆیفسکییە و...هتد، جا ئەو ناوەڕۆکانە ئاشکرا و زەق لە ڕۆمانگەلێك و... شاراوە بن لە برێکی تردا...» (سەراج، ١٧، ٢٠٠٧). پەرێز سابیر وا بۆ زاراوەی تێما چووە کۆڵەکەی سەرەکییە لە چیرۆک «تێم گرنگترین شتە لە بابەتەکانی چیرۆکدا، چونکە هەموو مانا و مەبەستی چیرۆکەکەی لە سەر وەستاوە. زۆرجار چیرۆکنووس بە وشەیەک یا بە ڕستەیەک گوزارشت لە تێمی چیرۆکەکە دەکات» (سابیر، ٨٩، ٢٠٠١). پێناسەی تێما لە لای یادگار لە تیف شارەزووری بریتییە لە: «تۆڕێکی ڕێکخراوی بیری کەڵکەڵەدەری نووسەر جووڵێن، ئەو بیرەی کە لە مێشکی نووسەردا تەکان دەدات، وێنەیەکی ڕەسەنە و بچووك ناکرێتەوە و ئاراستەی زۆربەی ئەو کارانە دەکات کە دانەر بەرهەمی دەهێنێت» (شارەزووری، ٣٧، ٢٠١٥-٣٨). باخان ئەحمەد زاراوەی تێمای

بــۆ مەبەســتی بابــەت و نــاوەڕۆک بــەکار هێنــاوە: «هــەر دەقێکــی ئەدەبــی پێکهاتــەی دوو بەشــی ســەرەکین، ئەوانیــش ڕووخســار، یــا ئــەو بونیــادە ئێســتاتیکییانەی کــە دەقەکــەی لــە ســەر بنیــات نــراوە، هەروەهــا لایەنێکــی گرنگــی تــر، نــاوەڕۆک یــا تێمــە و بابەتــی بەرهەمــی ئەدەبییــە، کــە لــە ڕێگــەی زمــان و چنینــی دەقەکانــەوە گوزارشــتی لــێ دەکرێــت» (حەمــە ئەمیــن، ٢٠٢٠، ٦٣)

کەواتــە دەتوانیــن بڵێیــن تێــما ئــەو بیرۆکــە ســەرەکییەیە کــە لــە نــاو بەرهەمێــکی ئەدەبیــدا، جــا ئــەو بەرهەمــە چ شــیعر چ پەخشــان (چیــرۆك، ڕۆمان...)بێــت، بــە شــێوەیەکی نهێنــی خــۆی شــاردۆتەوە، کــە تیایــدا ئامانــج و بنەمــا و هــۆکاری نووســینی بەرهەمەکەیــە لــە لایــەن نووســەرەوە، دیــارە ئەمــەش لــە ڕێگــەی وردبوونــەوە و خوێندنەوەیەکــی قــووڵ بــۆ دەقەکــە ئاشــکرا دەبێــت.

### تەوەری سێیەم:

### چەمکەکانــی (قەیرەیــی، چەوســاندنەوەی ئافــرەت، بر ســیێتی)

### چەمکی قەیرەیی

زاراوەی قەیرەیــی زیاتــر تایبەتــە بــە ڕەگــەزی مێینــە، قەیرەیــی بــۆ ئــەو کچانــە بــەکار دێــت، کــە گەیشــتوونەتە تەمەنێــک لــە پرۆســەی هاوســەرگیری دواکەوتوونــە. «ئــەو قۆناغــەی تەمــەن دەگرێتــەوە کــە تەمەنــی کــچ بــەرەو ســەرەوە دەچێــت و لــە تەمەنــی شــووکردن دوا دەکەوێــت، ســیفەتە مێینەکانــی وەک: ئەگــەری نەبوونــی توانــای وەچەخســتنەوە و ســەرنج ڕاکێشــان بــەرەو نەمــان دەچێــت، گۆڕانــی هۆرمۆنەکانیــش کار لەبــاری دەروونــی دەکات، ئەمــەش بــەرەو نائومێــدی و ڕەشــبینی دەبــات» (النعيمي-الجبــاري، ٢٠١٠، ص٢٧٧). دواکەوتــن لــە پرۆســەی هاوســەرگیری، یەکێکــە لــە کێشــە گەورەکانــی، بــەرەو ڕووی زۆربــەی کۆمەڵگاکانــی جیهــان دەبێتــەوە، دیــارە هۆکارەکانیــش لــە کۆمەڵگایــەک بــۆ یەکێکــی تــر دەگۆڕێــت. «هەندێــک تەگــەرەی کۆمەڵایەتــی دەبنــە هــۆکار بــۆ قەیرەیــی و شــوونەکردنی کچــەکان لــە تەمەنێکــی زووەوە. هــۆکاری مــاددی بــە پلــەی یەکــەم و زۆر داواکردنــی پێداویســتییەکانی هاوســەرگیری، هــۆکاری بەرژەوەنــدی و نەبوونــی کەســی گونجــاو، وچەندیــن هۆکارێکــی تــر» (النعيمي-الجبــاري، ٢٠١٠، ص٢٨١). تەمەنــی شــووکردن بەپێــی دابونەریتــی لادێ و شــار و کۆمەڵــگاکان جیاوازییــان لەگــەڵ یەکتریــدا هەیــە. «لــە کۆمەڵــگای لادێیــەکان ئەگــەر کــچ تەمەنــی لــە (٢٥) ســاڵ زێتر بــوو بــە قەیــرە دادەنرێــت؛ بــەڵام لــە شــار تــرس و دڵەڕاوکێــی تەمەنــی شــووکردن لــە (٣٠) ساڵەوە دەســت پــێ دەکات، لــە وڵاتانــی ئەورووپیــدا لــە تەمەنــی (٤٠) ســاڵەوەیە» (النعيمــي-الجبــاري، ٢٠١٠، ص٢٧٨). دەتوانیــن بڵێیــن ڕێــژەی قەیرەیــی لــە عێــراق بەگشــتی و لــە کوردســتان بەتایبەتــی بــە پلەیەکــی زۆر لــە بەرزبوونەوەدایــە، دیــارە هۆکارەکانیــش جگــە لەوانــەی لــە ســەرەوە ئاماژەمــان پــێ کــرد، هــۆکاری تایبــەت بــۆ قەیرەیــی لــەم ناوچەیــەدا هەیــە، کــە خــۆی لــە شــەهیدبوونی هــەزاران گەنــج لــە جەنگەکانــی عێــراق لەگــەڵ ئێــران و کەنــداو، هەروەهــا شــەهیدکردنی هــەزاران پێشــمەرگە لــە شــاخ و لــە زیندانــەکان و ئەنفالکــردن و کیمیابــاران لــە ســەر دەســتی ڕژێمــی بەعــس... دەبینێتــەوە. دیــارە ئەمانــە هــۆکار بــوون بــۆ کەمبوونــەوەی ڕێــژەی نێرینــە لــە نــاو کــوردان و زیادبوونــی ڕێــژەی قەیرەیــی.

### چەمکی چەوساندنەوەی ئافرەت

ئافــرەت ئــەو بوونــەوەرەی کــە لەگــەڵ ئــەوەی نیــوەی کۆمەڵــە؛ بــەڵام بەدرێژایــی مێــژوو چەوســێنراوەتەوە و نــاو و دەنگــی نەبــووە. «لەنــاو ئــەو ســەرچاوە مێژووییانەشــدا کــە بــە دەگمــەن و دانســقەش دادەنرێــت، شــەرەفنامەی شــەرەفخانی بەدلیســی(١٥٤٣-١٦٠٤) یــە، کــە تیایــدا ژن تــەواو پەراوێزخــراوە» (قەرەداغــی، ٢٠١٨، ل٥٠). دیــارە ئــەم پەراوێزخســتنەش بــۆ ئــەو ســەرەتایە دەگەڕێتــەوە، کــە سیســتەمی باوکســالاری ســەری هەڵــدا و بژێــوی ژیــان کەوتــە دەســت پیــاوەوە. «لــەو ســاوە کــە کار دابــەش کــراو، پیــاو بــە هــۆی گرتنــە دەســتی هەمــوو ئــەو کارانــەی کــە داهاتیــان هەبــوو، بــوو بــە سەردەســت و، ژنیــش بــە هــۆی ئــەوەی کارە بــێ داهاتەکانــی پــێ ســپێردرا، بــوو بــە بندەســت، کێشــەی چینایەتــی و توێژایەتیــش ســەری هەڵــدا و، ڕۆڵــی سەردەســت و بندەســت، ســتەمکار و ســتەملێکراو، چەوســێنەر و چەوساوەی لــێ بەرهــەم هــات...» (قەرەداغی، ٢٠١٨، ل٢٤). کەواتــە چەوســاندنەوە و بڕیــاردان لــە چارەنووســی ئافــرەت

لــە دەســەڵاتی پیــاوە، جــا ئــەم ئافرەتــە کــچ یــان خوشــک، دایـک... بێـت. بـۆ نموونـە: کاتێـک ئافرەتێـک دەبێتـە بێـوەژن، و لەبــەر چەندیــن هــۆکار «نەگونجــان لەگــەڵ یەکــتر، ناپاکــی هاوســەری، نەبوونــی ماڵــی جیــا، هــۆکاری کۆمەڵایەتــی، هــۆی ئابــووری...» (قەرەداغــی، ٢٠١٨، ل٢٩٠) لەگــەڵ هاوســەرەکەی لێــک جیــا دەبنــەوە. ئــەم جــۆرە پێــی دەڵێــن ئافرەتــی تەڵاقــدراو، لــە ڕێگــەی بەکارهێنانــی جۆرەکانــی توونددوتیــژی «زارەکـی کـە لـە سیسـتەمی زمانـدا جێگیـر بـووە، توونددوتیـژی ئایینــی، ئابــووری، کۆمەڵایەتــی، سیاســی، فەرهەنگــی» (قەرەداغــی، ٢٠١٨، ل٢٥). دەکەوێتــە بــەر چەوســاندنەوەی «تێپەڕاندنــی ســنوور و هەڵســوکەوتکردنی خــراپ بەکارهێنانــی مــاف و ســامانی کەســانی تــر...» (آل ســعود، ٢٠٠٠، ص١٤) کۆمەڵــگا بــە چاوێکــی کــەم ســەیری دەکــەن و زۆرجــار مافــی پەروەردەکردنــی منداڵەکانــی بــە شــایان نازانــن. نموونەیەکــی تــر لــە جــۆری چەوســاندنەوە، ئەویــش ئــەو بێوەژنەیــە کــە هاوســەرەکەی لــە ژیــان نەمــاوە. «ژنێکــە کــە مێردەکــەی بــە نەخۆشــی یــان شــەهیدبوونی لــە جەنــگ یــان ڕووداوێکــی لەنــاکاودا، دەبێتــە هــۆی مردنــی». (خزنــەدار، ١٩٩٢، ص٩). لــە ئاکامــدا ئــەو ئافرەتــە جگــە لــە بەرپرســیارێتی ئــەو ئەرکانــەی کــە خــۆی هەیبــوو «ئــەو بەرپرســیارێتییەی کــە هاوســەرەکەی هەیبــوو جــا چ بەرپرســیارێتیی ئابــووری بێــت، یــان بەخێوکــردن و پــەروەردەی منــداڵ و چارەســەرکردنی ئــەو کێشــانەی کــە خێــزان و منــداڵ بــەرەو ڕوویــان دەبێتــەوە، دەکەوێتــە ئەســتۆی ئافرەتەکــە» (خزنــەدار، ١٩٩٢، ص١٠). لەگــەڵ بوونــی ئــەم هەمــوو قوربانیدانــە، زۆرجــار دەبینیــن ئــەم دایکانــە جگــە لــە کۆمەڵــگا لــە لایــەن منداڵەکانیشــیان دەچەوســێنرێنەوە و مــاف و دەســەڵاتی بڕیــاردان لــە چارەنووســی خۆیــان پــێ نادرێــت. «توندوتیــژی بریتییــە لــە هــەر کار، یــا ڕەفتارێکــی دوژمنکارانــە یــا ئازاردەرانــە، یاخــود ئابڕووبــەر، بــە هــەر ڕێگەیــەک و بەرامبــەر هــەر ئافرەتێــک ئەنجــام بدرێــت، لەبــەر ئــەوەی کــە ئافرەتــە جــا چ هاوســەر، دایــک، خوشــک، یاخــود کــچ بێــت، کــە ئــازاری جەســتەیی یــا دەروونــی بــە شــێوەی ڕاســتەوخۆ، یاخــود ناڕاســتەوخۆ دروســت بــکات، هەڵخەڵەتانــدن، هەڕەشــەکردن، چەوســاندنەوە، دەســتدرێژیی سێکســی، ســزادان، کەمکردنــەوە لــە کەســایەتی، کوشــتن، یاخـود هـەر ڕێوشـوێنێکی تـر، کـە ئەمانـەش هەمـووی لـە چوارچێــوەی دەزگای خێــزان و دەرەوەی پیــادە دەکرێــت» (خـدر، ٨، ٢٠١٢). هـەروەک لـە نموونـەی چیرۆکـی (بێـوەژن) دەبیــنرێ، کــەوا کوڕەکــەی ڕێگــە بــە دایکــی نــادات تەنانــەت بـۆ قسـەکردنیش لەبـارەی شـووکردنەوەی. لـە هـەردوو بـاردا، تێڕوانینـی کۆمەڵـگا بـۆ ئافـرەت دەگۆڕێـت و ئیتر ئـەو هێمنـی و خۆشــییەی جــاران خێــزان و کۆمەڵــگا پێیانــی دەبەخشــی، ئـەو بەهایـەی جـاران هەیانبـوو، وەکـو خـۆی نامێنـێ. ئـەم تێڕوانینــە خراپــەی کۆمەڵــگا بــۆ خێــزان بــۆ ئافــرەت، ئــازار و ســزای بــە نــاڕەوا توندوتیــژی و چەوســاندنەوەی ئافرەتــە.

**چەمکی برسێتی**

برســیبوونی مــرۆڤ پرســێکی هەنووکەیــی نییــە، لــە کتێبــە ئاســمانییەکانیش ئامــاژەی پــێ کــراوە؛ خــوای گــەورە لــە قورئانــی پیــرۆز لــە ســورەتەکانی (البقــرة، النحــل، طــە...) ئامــاژەی پــێ کــردووە. برســێتی کێشــەیەکی کۆمەڵایەتــی ئابـووری سیاسـی مرۆڤایەتییـە. برسـێتی دوو جـۆرە: برسـێتی ئاســایی(واقیعی)و برســێتی مەجــازی، یەکەمیــان برســێتی ئاسـایی و واقیعـی، هەسـتی پێویسـتی بوونـی لەشـی مرۆڤـە بـە خواردەمەنـی، بـۆ قەرەبووکردنـەوەی ئـەو هێـزەی کـە مــرۆڤ لــە دەســتی داوە، لــە ئەنجامــی بەتاڵبوونــی گــەدە لــە خــواردن، بــۆ مەبەســتی ڕاپەڕاندنــی ئەرکەکانــی بــە شـێوەیەکی سروشـتی. جـۆری دووەم برسـێتی مەجازییـە کـە برســێتی چــاوە نــەک گــەدە (الجمیــل، ٦، ٢٠١٢). زۆرجــار لەنـاو کۆمەڵـگادا بـە کەسـی چاوبرسـی و چاوچنـۆک ناوبانـگ دەردەکات. ئـەم جۆرەیـان لـە نەبوونـی قەناعـەت و داواکردنـی زیاتــری سەروســامانی دونیــا ســەری هەڵــداوە و هیــچ پەیوەندییەکــی بــە بەتاڵــی گــەدەوە نییــە. هەنــدێ جــار ئــەو چاوبرسـییانە لـە ڕێگـەی شـاردنەوەی خـۆراک لـە بازاڕەکانـدا بــۆ ئــەوەی دواتــر بــە قازانجێکــی خەیاڵــی و نرخێکــی گرانـتری لـە نرخـی ڕاسـتەقینەی خـۆی بفرۆشـن، هـۆکارن بـۆ برسـیکردنی خەڵـک. برسـێتی کێشـەیەکی جیهانییـە و سـاڵانە بەلایەنـی کەمـەوە (٥٠٠) ملیـۆن کـەس بـە دەسـت برسـێتی و خواردنــی خراپــەوە ئــازار دەچێــژن (حســان، ١٩٨٣، ص١٧). دیــاردەی برســێتی دەردێکــی کوشــندە و ترســناکە و هــۆکارە

بــۆ زیادبوونــی نەخۆشــییەکان چونکــە؛ «جەنــگ و تاعــوون و برســییێتی پێکـــەوە بـــە یـــەک ئاراســـتەدا دەڕۆن، بوونـــی یەکێکیـــان هـــۆکارە بـــۆ لەدایکبوونـــی ئەویتریـــان» (الرمـــاني، ٢٠٠٣، ص٥). ئاشــکرایە کــە هــۆکاری ســەرەکی دیــاردەی برسییێتیش دەردی هەژارییــە. «هــەژاری نەبوونــی پارەیــە بــۆ دابینکردنــی پێداویســتییە ســەرەتاییەکانی ژیــان، کــە خــۆراک و جلوبــەرگ و شــوێنی نیشــتەجێبوونە» (نادیــة، ٢٠٠٩، ص٨). بۆیــە کەســە هــەژار و برسییەکان بــاری دەروونــی خــراپ و ئــازار و تــرس و دڵەڕاوکێیــی بــە هەڵســوکەوتیانەوە دیــارە. ئەگــەر دەســتی یارمەتییــان بــۆ درێــژ نەکرێــت، لەوانەیــە بــەرەو چارەنووســێکی نادیــار و ترســناک بــڕۆن.

## بەشی دووەم

## تێــما لــە چیرۆکەکانــی شــێرزاد حەســەن بــە نموونــەی چیرۆکـــی

## (خوشکەکان، بێوەژن، گەڕەکی داهۆڵەکان)

### تەوەری یەکەم: تێمای قەیرەیی

لــە چیرۆکەکانــی (شــێرزاد حەســەن)دا ژن پانتایەکــی بــاشی بــۆ کێشــەی ژنــان چ وەک دایــک یــان وەک خوشــک یــان وەک هاوســەر تەرخــان کــردووە «مــن لــە کــۆی بەرهەمەکانــم ئافــرەت جووڵێنــەری ڕووداو، دەجووڵێــت، زینــدووە» (ڕەشــید،٢٦، ٢٠١٠). ڤەگێــڕ پێــی وایــە ژن بەتایبــەتی دایــک هەمیشــە ســتەملێکراو و مــاف خــوراوە «لــە هەمــوو چیرۆکــەکانی مــن ئــەو دایکــە زەلیــل و ترســنۆک و ملکەچــە هەیــە...» (قــادر، ٣٠، ١٩٩٧)

لە ناوەڕۆکی چیرۆکی (خوشکەکان) یەکێک لە کێشەکانی ئافرەتی کورد کە کێشەی (قەیرە کچ)ە، ڕەنگی داوەتەوە. چیرۆکەکــە باســی کێشــە و ململانێیــە دەروونییــەکانی قەیــرە کچان لەناو کۆمەڵگا و خێزانی کوردیدا کــە لــە ئەنجامی قســە و تێڕوانینــەکانی خەڵکیــدا بــەرەو ڕوویــان دەبێتــەوە، دەخاتــە ڕوو. بــە شێوەیەکی گشــتی ڕووداوەکانی چیرۆکــی (خوشــکەکان) لــە بازنــەی ماڵێــک و ســێ خوشــکدا دەســووڕێتەوە، بــەڵام زیاتــر لــە دەوری یــەک لــەم خوشــکانە کــە خوشــکی گەورەیــە، دەخوولێتــەوە. ئــەم ســێ خوشــکە پێکــەوە ژیانێکــی پــڕ لــە

خــۆشی و هاوڕێیانــە دەبەنــە ســەر؛ بــەڵام بــە هــۆی ڕێــڕەوی هاوســەرگیری یەکــە یەکــە یەکــتر بەجــێ دەهێڵــن و لــە یەکــتر جیــا دەبنــەوە. چیرۆکنــووس بــە جێنــاوی(ت)ی کەســی دووەمــی تــاک خــۆی دەبێتــە ڤەگێــڕی کارەکتــەری ســەرەکی، ڕۆڵــی ســەرەکی بــە خوشــکی گــەورەی داوە، کــە ژیانێکــی خەمگیــن و دڵێکــی برینــدار و دەروونێکــی ڕووخــاو دەگێڕێــت، هــۆکاری ئــەم کەسایەتییە ڕووخاوەی بۆ قەیرەبــوون و هاوســەرگیری نەکــردنی دەگەڕێتــەوە. چیرۆکنــووس ســەرەتا بــە شــێوەیەک وێنــەی ژوورێکــمان بــۆ دەکێشــێ کــە هەمــوو شــتەکان تێیــدا، گــرێ داوەتــە دۆخــی تەنیایــی کچێکــی قەیــرەوە «ئێســتا ژوورەکــە پــان و پۆڕتــر دیــارە.. قەرەوێڵەیــەک ماوەتــەوە.. بەرامبــەر قەرەوێڵەکە وێنــەی خوشــکی گــەورە هەڵــواسراوە.. ڕووخســاری لــە هــی مرۆڤێکــی پێــش لــە ســێدارەدان دەکات.. مــۆن و بــێ ڕووخســار دەنوێنێت..چەنــد پــتر دیقــەتی لــێ بگــری و ورد بیتــەوە.. پێــی دڵتەنگــتر دەبی.. ئاکارێکــی دڵگیــری تێــدا نابینیــت.. وەلــێ قینیــشی لــێ هەڵناگــری.. پــتر جێگــەی بەزەییییــە، هێمنییەکــی خەســت کــە لــە نائومێــدی قــووڵ و پــڕەوە هاتبێــت ڕووخســاری داپۆشیوە..دوو بزمارەکــەی هــەردوو لا دیــواری ڕاســت و چــەپ وەکــو خۆیــان ماونەتــەوە.. نیشــانەی هــەردوو وێنەکــە لابــراون.. یەکێکیــان پێــرار.. ئەمســاڵیش پــاش نیــوەڕۆی ئیمــڕۆ ئــەوەی دیکەشــیان- وێنــەی خوشــکی گچکــە- لــێ کرایــەوە.. زۆربــەی شــتەکانی ژوورەکــە چیرۆکــی تەنیایــی و قەیرەیــی گــەورە خوشــک دەگێڕنــەوە.. ژوورێــک و قەیــرە کچێکــی تەنیــا دۆزەخێکــە و هــەر خــۆی تیایــدا دەســووتێت و بــەس..» (حەســەن، ٢٠١٥، ل٣٢). ڤەگێــڕ لــە هەســت و ناخــی دەروونــی ڕووخــاوی کچێکــی قەیــرە، قســەکی بــاوی نــاو کۆمەڵگــەی کــوردی لــە بەرامبــەر کچێکــی بــە تەمەنــی شــوونەکردوومان بــە بیــر دێنێتــەوە کــە دەگوتــرێ: تــازە شــەمەندەفەری تەمــەن جێــی هێشــت «لــەوە دەچــێ شــەمەندەفەرێکی ســەر ســەفەری ئەبــەدی بەجێــی هێشــتبێت.. بۆیــە وا مرومۆچــە.. ســەرما و ســۆڵەی ســەر شۆســتەکان بەجــێ ناهێڵێــت.. لــەم بیابــانی غوربــەتی بێســنوورەدا هــەر خۆیــەتی و بەزیندوێتــی وا دەنێژرێــت!» (حەســەن، ٢٠١٥، ل٣٢). تەنیایــی و لاوازی هێــرشی بــۆ ناخــی هێنــاوە، لــە کۆتاییــەکانی زەماوەنــدکردنی خوشــکە بچووکەکــەی کــە (بەفریــن)ی نــاوە، هێشــتا دەنگــە دەنگی خەڵکەکــە لــە نــاو حەوشــەکەیان دێــت، تــرس لــە خەمــی

تەنیایی دایدەگرێت و ڕوو لە ژوورەکەی خۆی دەکات «لە سەر قەرەوێڵەکە دانیشتی.. کاس و پەست و بێزار.. جلەکانت- جلی ئاهەنگ و زەماوەند- هەر لەبەر بوون.. خۆت نەگۆڕی.. پێڵاوەکانت هەر لە پێ بوون.. چاوێکت بە ژوورەکەدا گێڕا.. چەندە ڕووت و چۆڵ دیار بوو.. ! سەیرێکی وێنەکەی خۆتت کرد.. هاڕە و زرمەی ئاهەنگی زەماوەندی چەند ساتێک لە مەوبەر لە کاسەی سەرتدا دەزرنگایەوە» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣١) خەیاڵێکی خەمگین بەرەو یادگاری و ژیانی ڕابووردوو لەگەڵ خوشکەکانی دەیباتەوە «دوو ساڵ لەمەوبەر.. هەر ئەم ژوورە بچکۆلەیە، سێ پێخەفی تێدا بوو.. سێ وێنەی گەورە.. خرابوونە نێو سێ چوارچێوەی ڕەنگ زیوین.. هەر یەکەی بە دیوارێکەوە هەڵواسرابوو.. سێ جانتای گەورەی پڕ جل.. سێی بچووکی دەست.. لە هەر شتێک و دەبوو سێ دانەتان هەبووایە.. هەمووشیان یەک بابەت و مۆدێل.. هەر لە پێڵاو و کراس و پاڵتۆ و...» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣١-٣٢). ئەم سێ خوشکە یادەوەریی هاوبەشیان، ژیانێکی خۆشیان پڕ لە گاڵتە و پێکەنین هەبووە و بەختەوەری باڵی کێشابوو بە سەر ژیانیان «جاران هەرسێکیان پێکەوە.. تا درەنگانی شەو نەدەخەوتن.. ئەوەندە باسی خەم و خۆشی و دڵداری و خەون و ئاواتی خۆیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە.. شل و شەکەت دەبوون.. جار جارەش دەبوونە سیخوڕی ماڵەکە.. بەیانی زووش بۆنی سابوون و گەرماو لە کەللەیانی دەدا.. مەست و سەرخۆشی دەکردن...» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣٣)

دیارە هۆکارەکانی شوو نەکردن و قەیرەبوونی کچان زۆرن؛ هەروەک لە بەشێکی چیرۆکەکە وێنەی پێش ناساندنی (پەرژین)- خوشکی ناوەند- بە مێردەکەی کەوا باس دەکات کە سەرەتا دڵخوازی خوشکی گەورە بووە، پیشانمان دەدات «هەر تەنها دوو ساڵ لەمەوبەر خۆت بوویتە هۆی یەکدی ناسینی پەرژین و مێردەکەی.. یەک دوو مانگی سەرەتاش خۆت دڵ و دڵخوازی بووی.. شاژنی سەر عەرشی زەوقی بووی.. پیاو بێ ئەمەک و زۆڵن.. دوایی پەرژینی ناسی.. لە شەودا مانگی بینی، پەرستی کە بەیانی دا و خۆر هەڵهات.. گەلەک بە مانگ پێکەنی.. لە پشت سەری تۆوە بە جووتە هەموو شتێکیان تەواو کرد.. هەر زوو بە زوو حەزی لێ کرد و تۆی بیر چۆوە.. مارەی کرد و گواستییەوە.. منداڵێکی لێبوو.. تۆ بە تەنیا مایتەوە..» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣٤). خوشکە بچووکەکەی کە ناوی (بەفرین)ە، بە چەند ساڵێک لە خوشکی گەورە بچووکترە، ئەویش لە دەرفەتێکدا بە بەخت و مەرامی خۆی دەگات و دیسان ئەو بۆتە هۆکاری یەکترناسینیان «هەر پار بوو بەڕێکەوت خۆی و بەفرین بۆ ئاهەنگێک چوون.. لە سەرەتای ئاهەنگەکەوە بە لای چەپدا ئاوڕێکت دایەوە.. لەگەڵ مامۆستایەکی خۆتدا یەکدیتان ناسییەوە و کەوتنە چاک و چۆنی.. پرسیار و وەڵام.. تێی گەیاندی کە لە هەمان قوتابخانە ماوەتەوە و هێشتاش ژنی نەهێناوە.. هەر ئەوسا بەفرینت پێ ناساند: «مامۆستا نەبەز»

دەستی بۆ درێژ کرد.

«بەفرینی خوشکم.. لە ئامادەییە.. پۆلی شەشەم»

ئەویش سووک دەستی درێژ کرد.

کەوتنە تەوقە و دەست گوشین.. مامۆستا هەر زوو کەوتە سەر ئاهەنگی دڵی خۆی.. ئاگای لە زرم و کوت و هەڵڵای ناو هۆڵەکە بڕا.. لە پشت سەری تۆوە زۆڵانە دزە نیگای دەبڕییە بەفرین...» (**حەسەن**، ٢٠١٥، ل٣٥). ئەم هەڵسوکەوت و دیمەنانەی مامۆستا کاریگەری لەسەر خوشکی گەورە دروست دەکات و پێی دڵگران دەبێت و ڕق لە مامۆستا نەبەز هەڵدەگرێ، بەتایبەتی کە هەست دەکات ئەگەری دروستبوونی پەیوەندی هەیە لە نێوانیاندا «لە پشووی ئاهەنگەکەدا بە ئەنقەست یا بەڕێکەوت جێگەکەی گۆڕی.. کەوتە تەنیشت (بەفرین)ەوە.. ترست لێ نیشت و گومانت پەیدا کرد.. هەرگیز مامۆستات بەم شێوە نەدیبوو.. گەلێ سووک و چروک دەهاتە بەرچاوت.. بۆت بکرایە کورسییەکانی هۆڵەکەت لە سەریدا دەشکاند.. نەدەکرا.. شەرمەزاری بوو.. کپ بوویت.. پیشت خواردەوە..» (**حەسەن**، ٢٠١٥، ل٣٥). چیرۆکنووس خوشکی گەورە بە پردێک دەچوێنێت بۆ پەڕینەوە و گەیشتنی خوشکەکانی بە ئامانج و دڵخوازی خۆیان: «بەستەزمان.. چەند گوناهـ بووی.. گەر بتزانیایە بوویت بە پرد؟؟ خۆت دەڕووخاند» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣٦). ڤەگێڕ لە وەسفی پیاوی خراپدا دەڵێ: «پیاو هەروان.. درۆزنن.. کەی لە پاکی و زیرەکی گەڕاون.. هەموویان فشەن.. با وابێت.. دیارە

دنیا شەڕێکی کوشندەی نێوان مرۆڤی تووکن و لووسە...» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣٦). چیرۆکنووس لە شۆڕبوونەوەی بۆ قووڵایی ناخی قەیرە کچ، کە لەگەڵ بوونی ئازار و ژانێکی زۆر لە دڵ و دەروونیدا؛ بەڵام دەبێت بە ڕووخسار هەڵپەڕێ و دەم بە پێکەنین بێت: «داوای هەڵپەڕینیان لێ کردیت.. تۆش وەک کەسێ ماسولکە و ئێسقانەکانی لە یەکدی ترازابن هەڵدەپەڕی.. گێڕ دیار بووی.. لێڵتر لە جاران دنیات دەبینی.. دیمەنی شتەکانت تێکەڵی یەکتر بوون.. دوای چارەکە سەعاتێک.. بۆ شەوی سوور بەڕێ کران.. بە چەپڵە و چەقەنە.. هەموو شتێک پێدەکەنی.. تۆ بە خامۆشی و بێ فرمێسک دەگریای..» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣٦). ڤەگێڕ وێنەیەکی لە بێ ڕێزی و بێوەفایی خوشک بەرامبەر بە خوشکی گەورەمان پێ ئاشنا دەکات لەناکاو (پەرژین)ی خوشکت دەرگای لێ کردیتەوە.. مناڵێکی چاو زەقی ساوای خۆی بە باوەشییەوە نووساند بوو.. وەک لە ڕووخسارت بترسێت زریکەی لێ بەرزبووەوە.. دایکی زیاتر بە خۆیەوە گوشی.. دوای هەنگاو و نیوێک گەیشتە ئاستت.. بۆ ماوەیەکی کەم لە یەکدی ڕامان.. چاوت لێی نەتروکاند.. چاوی لێ نەتروکاندی.. لە یەکتری تێگەیشتن.. بە بێباکی و دوور لە خۆشەویستییەوە قیژاندی:

«شەرم ناکەی.. ئەوە بۆ دەگریت.. ها؟

ئاخ.. خوشکی گەورە.. چەندە هەستت بە شەرمەزاری و تێکشکان و مردن کرد..» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣٧). ئەم بارە دەروونییەی ناوەوەی کارەکتەر، لە بێئاگایی و بەبێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات لە ڕووخساردا ڕەنگی داوەتەوە «ئارەقە و فرمێسکی سەر ڕوومەت و ژێر چەناگەت ڕووخسارە ماندووەکەتیان تەڕ کرد.. بەکپی بۆ نهێنی برینی خۆت دەگریای.. خۆ تۆ بەبێ برین خوێنت لێ دەڕژێت.. لە گریان بەولاوە هیچت بۆ نەدەکرا.. وەک گیانلەبەرێکی کێوی ناو قەفەسێک نیگاکانت بە ژوورەکەدا بڵاو دەبوونەوە...» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣٧). ڤەگێڕ وەک شارەزایەک لە بواری دەروونناسی سەرەتا بە ناخی کارەکتەر لە ڕووخساریدا ئینجا دواتر بۆ ڕەفتاری ڕەنگی پێ داوەتەوە.

لەم وێنەیەدا بێبەزەیی و هەست نەکردنی کەسە هەرە نزیکەکان بەرامبەر بە تێکشکان و مەینەتییە شاراوە و خەم و ئارەزووە کپکراوەکان و ترسی هەمیشەیی قەیرە کچ لە مانەوەی بە تەنیایی ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە هەندێ جار لە بێئاگایی و بەبێ خواستی خۆی هەڵسوکەوتی کتوپڕ و لەناکاو ئەنجام دەدات و وەک کانیاوەک دەتەقێتەوە و هەڵدەچێت. «.. ئاشکرا بووی.. زەمانێکە ئەو خەمە قوڕسە دەشاریتەوە...ددانت جیڕ کردەوە.. کڕەی لێوە دەهات.. دەمت داپچڕی.. خوێنی ڕق و کینە لە دەمارەکانتدا کەفی کرد و هەڵچوو.. تەنگەنەفەس بیووی.. هەموو گیانت کەوتە سەر شەپۆل و گێژەنەی مەستی و شێتی.. پڕ بەژوورەکە هاوارت کرد:

«بڕۆ دەرەوە!»

کەچی پەرژین هەر سەیری دەکردی.. متقی نەبوو.. لە داخاندا گەردانە و حێل و مێخەکی بەر ملت پچڕاند.. هەر بە چەپۆک سەر و پۆتەڵاکی خۆت کووتایەوە.. حەزت بە گێچەڵێکی گەورە دەکرد.. شەڕێک خۆتی تیا ون بکەیت.. وەکو شێت کتوپڕ بێ بیرکردنەوە.. بە زەحمەتێکی زۆرەوە هەستایتەوە سەر هەردوو قاچە شل و لەرزۆکەکانت.. کورسییەکی بچووکت خزاندە ژێر پێتەوە و سەر کەوتی.. خوشکەکەت بە سەرسامییەوە سەیری دەکردی.. نەیزانی دەتەوێ چی بکەی.. نەشیدەوێرا بپرسێ.. بە هەر کێشمەکێشێ بوو خۆت گەیاندە وێنەکەت.. دەستەکانت بەرز کردەوە تا هێزت تیابوو وێنەکەت ڕاکێشا.. بە دەستتەوە هات.. پارسەنگی خۆت ون کرد.. کورسییەکە خزی و خۆت بۆ نەگیرایەوە.. دەماودەم بە سەر وێنەکەدا کەوتی و شووشەی وێنەکە شکا و باسکی بریندار کردی.. برینێکی سووکیش نەبوو...» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٣٧-٣٨). لە وێنەیەکی تری شوو نەکردن و مانەوەی کچ بە قەیرەیی، چیرۆکنووس ئاشنامان دەکات بە وێنەی متمانەی کوێرانەی کچ بە دڵدارەکەی و خۆ بە دەستەوەدانی تەواوی کچە و لە ئەنجامدا لە دەستدانی پەردەی کچێنی لێ دەکەوێتەوە، ئاشکرایە بێ بوونی ئەم پەردەیەش کچ نەک هەر لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا ناتوانێت شوو بکات، چونکە پەردەی کچێنی مەرجی پاراستنی شەرەفی کچە لە هەردوو کۆمەڵگاکەدا،

هەربۆیـە خوێنـی ئـەم برینـە خوێنێکـی تـری بـە بیـر دەهێنێتـەوە.

((ئەم برینە خوێنی لێ دەتکێت.. وا دەیبینن..!

برینەکەی دیکە کێ پێی دەزانێت؟

وەک نەخۆشـێکی پەککەوتـە لـە سـەر جێـگا پاڵیـان خسـتی.. شـل و خـاو و داهێـزراو تـۆش ڕاکشـای.. وەک ئافرەتێکـی هـار و بـێ شـەرم لـە خەڵکەکـە ڕامـای.. خوێنێکـی زۆرت لـێ ڕژا.. تکـەی (خوێنێکـی) دیکـەت بیـر کەوتـەوە کـە زۆر جیایـە! هـی تـۆ و هـی ئـەو...» (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٣٨). چیرۆکنـووس بـە پیشـاندانی ژیانێـک لـە تەنیایـی و دڵێکـی پـڕ لـە خـەم و چاوێکـی بـە فرمێسـکی کچێکـی بـە تەمـەنی شـوو نەکـردوو کۆتایـی بـە چیرۆکەکـە دێنـێ. «.. دوا کـەس پەرژیـن بـوو دەرگاکـەی لـە سـەر داخسـتی.. چاوێکـی تاریـک و لێڵـت بـە ژووره ڕووتەکـەدا گێڕایـەوە.. نیگاکانـت بـە سـەر دیوارەکـەی بەرانبەرتـەوە گیرسـایەوە: شـوێنی وێنـە شـکاوەکەت.. لەبـاتی ئـەو وێنـە.. چوارچێوەیەکـی تـۆز لـە سـەر دیـوارە سـپییەکە زۆر زەق و ڕوون دیـار بـوو.. چاوەکانـت داخسـت و دوا دڵـۆپ فرمێسـک لـە نێـو برژانگەکانتا مایەوە. ئەڕژایـە سـەر ڕوومەتـت.. بـەرە بـەرە بێئـاگا بـووی.. بێئاگاتـر.. دواییـش وەک بەردێکـی زۆر گـران کەوتیتـە بـن گۆمـی خەوێکـی قـووڵ!» (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٣٨-٣٩). چیرۆکنـووس وەسـفێکی وردی بـاری دەروونی خـراپ ڕووخـاوی قەیـرە کچێـک کـە لـە ناخیـدا پەنگـی خواردۆتـەوە، خسـتۆتە ڕوو.

لـەم چیرۆکـەدا (تێـمای قەیرەیـی) بـە کۆمەڵێـک وێنـە و ڕووداوەوە چیرۆکنـووس توانیویەتـی هەسـتی ئێـش و ئـازار و ناخۆشـی و ململانێیەکانـی خێـزان و کۆمەڵـگا کـە ڕووبـەڕووی قەیـرە کچـان دەبنـەوە، هەروەهـا هۆکارەکانـی شـوو نەکـردن و بەربەسـتەکانی مانەوەیـان بخاتـە ڕوو.

**تەوەری دووەم**

**تێمای چەوساندنەوەی ئافرەت**

لـە چیرۆکـی {بێـوەژن}دا ئـەو دابونەریتـە دواکەوتـووە کـە بـە نـاوی بێـوەژن بۆتـە کولتـوور بـۆ سـتەم لـە ژنی کـورد ڕەنگـی داوەتـەوە. "جـاری وایـە مـاڵ وەک پەناگەیەکـی ئاسـایش و تەناهـی و بەختـەوەری لێـک دەدرێتـەوە، بـەڵام توندوتیژیـی خێزانـی بەشـێکە لـە سـەربوردەی زۆربـەی ئافرەتـان، توندوتیژیـی خێزانـی بەڵایەکـی نوێـی کۆمەڵایەتـی نییـە.." (گیدنـز، ٢٦٢، ٢٠٠٩)

چیرۆکنـووس لـە باسـی کێشـەیەکی کۆمەڵایەتـی چۆتـە ناخـی بێوەژنـەکان و هەسـت و حـەز و ئازارەکانیـان بـە چەنـد وێنەیـەک دەخاتـە ڕوو.

لـەم چیرۆکـەدا بـاس لـە ژیـانی ژنێکـی کـورد دەکات کـە لـە تەمـەنی گەنجـی و دوای سـاڵێک لـە هاوسـەرگیری دەبێتـە بێـوەژن، بـە ناچـاری ژیـانی خـۆی بـۆ کـوڕە تاقانەکـەی تەرخـان دەکات، چونکـە "گونـد و پیـاوە ماقووڵـەکانی نەیانهێشـت.. شـەرم و ئابـڕوو.. ئـەو دەڵەمەیـەی لـە سـکیدا بـوو.. مامـەکانی دەڵەمـە.. خاڵـوانی دەڵەمـە.. ژنـانی مـام.. ژنـانی خـاڵ.. خوشـکانی خـاڵ و مـام.. خاڵـۆزا و پـورزا و ئامـۆزا.. کۆبوونـەوە: نابـێ شـوو بکاتـەوە.. شـوورەییە! کـێ دەیگـوت وا زوو دەمـرێ.. خـۆشی ویسـت.. شـووی پـێ کـرد.. سـاڵێک نەسـووڕایەوە مـرد.." (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٦٥-٦٦). کوڕەکـەی گـەورە دەبـێ و دەیـکات بـە خـاوەنی ژن و منداڵ، چیرۆکنـووس لـە بێبەشـکردنی ژن لـە ژیـانی هاوسـەرگیری دووەمـدا، بـە بیابانێکـی وشـکی بـێ بارانـی دەچوێنـێ «لـەشی وشـک و تینـووی بیابانێکـە.. بەدرێژایـی پەنجـا سـاڵی تێپـەڕ و بـە سـەرچوو تەنهـا یـەک سـاڵ بـارانی دیـوە.. شـەو و ڕۆژی سـاڵانێکی زۆر دێـن و دەڕۆن.. ئـەو هـەر ئـەو بیابانـە تینووەیـە... بیابانێکـی وشـک و هێمنـە.. سی سـاڵی پـڕ بـاران تێپەڕیـوە.. ئـەم تینوێتـی خـۆی شـاردۆتەوە.. تینـوو بـۆ بـارانی سـەدەها زسـتان.. دەیشـارێتەوە..» (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٦٥). دیـارە چەوسـاندنەوە و مەینەتییـەکانی بێـوەژن هـەر ئـەوە نییـە کۆمەڵـگا ببێتـە بەربەسـت لەبـەردەم پێکهێنـانی ژیانێکـی نـوێ بۆیـان؛ بەڵکـو سـتەمەکە دەگاتـە ئـەو ڕادەیـەی دەبێـت تـا مـردن بـە ڕەشـپۆشی بژیـن «لـە دوورەوە لـە تابلۆیەکـی ڕەش

دەچێـت.. بێـوەژن زۆریـان ڕەشپۆشـن.. ئەمیـش هـەروا.. سی ساڵە ڕەشی پۆشیوە.. هەتـا لـە زەماوەنـدی کـوڕە تاقانەکەیـدا کەسـێک لای لـێ نەکـردەوە.. داوای لـێ بـکات ئـەو جلـە ڕەشـانە بگۆڕێـت.. دراوسـێیەک.. خزمێـک.. پیرەمێردێـک.. پیرەژنێـک.. کوڕێـک.. کچێـک.. هەتـا کوڕەکـەی خـۆی..» (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٦٦-٦٧). ڤەگێـڕ لـە گێڕانـەوەی وێنـەی ژنێکـی ماندوونەنـاس لـە خزمەتکـردنی کوڕەکـەی و قوربانیـدان لەپێناویـدا بۆمـان دەگێڕێتـەوە کـەوا ئـەم دایکـە چـی کـردووە «ئـەو کـوڕەی لەپێناویـدا گۆشـتی ئـەو لەشـە ناسـک و جوانـەی بـۆ تواندەوە.. گونـد و شـاری بـڕی.. ئـەو مـاڵ و ئـەو مـاڵ.. کارەکـەری.. جلشـۆری.. نـان پێـوەدەری.. پێنـج ساڵان بـوو کـە خستییە سـەر کۆڵـی و لـە زوڵمـی خاڵـوان و مامـان گونـدی بەجـێ هێشـت.. لـە شـاری پـڕ مەنـد و شـێت خـۆی ون کـرد.. بـە ڕووی ئـەو پیاوانـە دەوەسـتا کـە خوێنـی گایـەک لـە دەمارەکانیانـدا دەسـووڕێ.. ئـەم کـون و ئـەو کـون خـۆی دەشـاردەوە.. شـوێن پێیـان هەڵگرتبـوو.. ڕژانی خوێنـی خـۆی لـە بەرچـاو بـوو.. بـەڵام ئـەو ڕۆژە پـڕ تاسانە ڕۆیشـتن.. ئێسـتا ئـەم کـوڕەی نـاو چیغەکـە.. دێـوی هەمـوو ترسـێک ڕاوەدنـێ» (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٦٧). چیرۆکنـووس لـە بیرۆکـەی ئـەم چیرۆکـەدا چەوساندنەوەی کۆمەڵـگا بەگشـتی و بێئاگایـی پیـاوی کوردمـان لـە خەمـی دایـک و خوشـکەکانیان بـە بیـر دێنێتـەوە. دیـارە باجـی قوربانییـش هـەر ژنـە دەیـدات، تەنانـەت کاتێـک ئافـرەت دەبێتـە بێـوەژن، زۆرجـار ناچـاری دەکـەن، نابێـت شـوو بکاتـەوە و دەبێـت بـە دیـار منداڵـەکانی ژیـان بـە سـەر ببـات و تەنیـا ئەرکـی خزمەتکـردنی ئـەوان بێـت و هەمـوو مـاف و حـەز و ئـارەزووەکانی خـۆی لـە بیـر بـکات. جـاری واش هەیـە بەپێچەوانـەوە بـەڵام دیسـان مـافی بڕیـاردانی لـە چارەنـووسی دواڕۆژی خـۆی نییە.کەسـە نزیکـەکانی بێوەژنەکـە ناچـار دەکـەن و بـە زۆرەملـێ شـوو بـە یەکێـک لـە خانـەوادەی مێردەکـەی بکاتـەوە، ئەگەرنـا بـۆی نییـە بیـر لـە ژیانێکـی نـوێ بـە ئـارەزووی خـۆی بکاتـەوە. یەکێـک لـە کەسـە هـەرە نزیکـەکانی بێـوەژن کـە ڕێگـرن بـۆ گەیشـتن بـە حـەزەکانی، سـتەمی منداڵەکانێتـی لـە دایکیـان، کـە فیـداکاری دایکیـان نایەتـە پێـش چـاو؛ بۆیـە کاتێـک دایکـی خوازبێنـی دێـت، کوڕەکـەی بەوپـەڕی بێڕێـزی و بـە شـێوازێکی زۆر ناشـیرین و توندڕەوانـە لـە بەرامبـەر دایکـی دەوەسـتێت و دەڵـێ: «لـەم دواییـەدا پیرەمێردێکـی زۆر هاتـن و داوایـان کـرد.. ئاخـۆ شـیاوە دوای ئـەم تەمەنـە درێـژە جلـە ڕەش و خمدارییەکـەی دابکەنـێ؟ ناشـێت.. بیـری کەوتـەوە.. شـەوێکیان کوڕەکـەی چـی پـێ کـرد.. زانـی بـووی مامـە عەبـەی توونچـی داوای کـردووە.. ئـەو شـەوە هـەزار جـار تلایـەوە.. هـەر ئابـڕووی برد..دراوسـێیەکان گوێیـان لـە هـەرا و قـاڕ و قیڕەکـە بـوو.. کوڕەکـەی هـەر دەینەڕانـد:

«شـەرم نـاکات.. بـە پیـری خـۆی تـەڕ دەکاتـەوە..؟ خەڵکـی دەوروبـەری سـەربانەکە مـات و سەرسـام بـوون» (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٦٩)

هەندێجـار کەسـە دوورەکان لـە نزیکەکانیـان لـە دژی ئـەو سـتەمەن و بـە سـۆزترن بـۆ بێوەژنـەکان: «ئەوانـەی بـە پێـوە بـوون.. دانیشـتنەوە.. ئەوانـەشی کـە دانیشـت بـوون لـە حەژمەتـان هەڵسـانەوە سـەر پـێ.. گوێیـان لێیـان بـوو کـە دەیانگـوت:

«توخـوا گوناهــە... زوڵمــە.. گەلــەک زوڵمــە وای لــێ بکرێـت..» (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٦٩). بریندارکـردنی کوڕەکـە بـەم شـێوەیە و ئابڕووبـردنی دایکـی لـە نـاو گەڕەکەکەیانـدا، کاریگـەری زۆر لـە سـەر دەروونی دایکـی جـێ دەهێڵـێ و خەمـەکانی زیاتـر کـرد. ڤەگێـڕ لـەم چیرۆکەیـدا بـۆ نـاو ناخـی نائاگایـی کارەکتـەرەکان شـۆڕ دەبێتـەوە، هـەروەک ناخـی بێوەژنەکـە دەخاتـە ڕوو «دووبـارە سـەیرێکی چیغەکـەی کـردەوە.. لـە ناخـەوە داچڵەکـی.. دیمەنەکـە ئاسـایی نەبـوو.. موچڕکـی سـاردی پێـدا هـات.. سـەرتاپای گیـانی کەوتـە مێروولەکـردن.. بـە برینێکـی نادیـار و شـاراوە کولایـەوە.. کڵاوەی چۆکـی شـل بـوو.. کەمێـک دەلـەرزی.. هەسـتێکی تێکـەڵ لـە تـرس و شـەرم دایگـرت..» (حەسـەن، ٢٠١٥، ل٦٨). چیرۆکنـووس بـە شـێوەیەک چۆتـە نـاو نـاخ و ژیـانی بێوەژنـان کـە توانیویـەتی هەسـت بـە هەمـوو ئازارەکانیـان بـە ورد و درشـتییەوە هەروەهـا ئـەو سـتەمکاریەی کـە لـە بێـوەژن دەکـرێ، بـکات، بـە جۆرێـک ئەوەمـان تـێ دەگەیەنێـت کـە بێـوەژن تەنانـەت مـافی گریانیـشی نییـە؛ چونکـە عەیبـە «ئـەو شـەوە بەکـوڵ بـۆ بەختـی خـۆی گریـا.. پرسـەیەکی بیـر کەوتـەوە.. مێـردی (زێڕین)یـش مـرد.. بێـوەژن زۆر بووینـە..

ئیمڕۆ بە کامی دڵی خۆی دەگری.. ئیتر بۆ نەگری.. هەر ئەو تنۆکە فرمێسکانە خەمەکەی دەشۆنەوە..» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٦٩). یەکێک لە خەمە گەورەکانی بێوەژن کە هاوبەشە لەگەڵ خەمی قەیرە کچ، ژیانی تەنیایی و نەبوونی کەسێک هاوبەشی خەمەکانیان بێت. «بێدەنگی و تەنیایی خەمێکی قورسی بۆ هێنا.. ژانی گەردەلوولێکی بەتین ناخی پڕ تۆز و خۆڵی خەم کرد.. سەر کەوت تا قورگی گرت.. ئێستا لە ژێر کارەساتی ڕۆژانی ئێستا و رابردوویدا دەینالاند.. بێدەنگ دەینالاند..» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٧٠)

لە ڕێگەی چیرۆکی (بێوەژن)دا شێرزاد حەسەن تێمای چەوساندنەوەی ئافرەتی بە خستنەڕووی خەم وحەز و ئارەزووە کپکراوەکانی ئافرەتی بێوەژن و فەرامۆشکردن و بێڕێزی و خراپی مامەڵەکردنی خێزان و کۆمەڵگای کوردی لە بەرامبەر بێوەژنەکاندا بە بیردێنێتەوە.

**تەوەری سێیەم**

**تێمای برسێتی**

لە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان)دا چیرۆکنووس تێمای(برسێتی)مان بە چەندین وێنە لە لایەن سەرمایەداران و هەندێک جار لە لایەن خودی خێزانە هەژارەکانەوە بەتایبەتی لە لایەن باوکەوە پێ ئاشنا دەکات؛ دیارە هۆکاری ئەم برسێتییەش بۆ خراپی باری ئابووری و جیاوازیی چینایەتی لە نێوان سەرمایەدارێک بە ناوی (چەلەبی) و منداڵانی هەژاری شارەکە دەگەڕێتەوە.

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا وێنەیەکی تری جیا لە وێنەی چیرۆکەکانی پێشووتر لە چەوساندنەوە و قۆستنەوەی چینی هەژار و برسێتیمان بۆ دەکێشێت، وێنەیەک دوور لە هەموو سیمایەکی مرۆڤایەتی، وێنەیەکی قێزەون کە تیایدا دوور لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و پڕە لە چاوچنۆکی و چەوساندنەوەی گەورە و بچووکی چینی خوارەوە لە لایەن چینی سەرمایەداردا.

لەم چیرۆکەدا لە تێڕوانینی(چەلەبی) بۆ داهاتوو، وێنەی دەرەبەگێکی چاوبرسی و چاوچنۆک، کە بیرکردنەوە و تێڕوانینی هەموو سەرمایەدارەکان دەنوێنێ، بۆ زیاتر خۆ دەوڵەمەندکردن دەبینین: «ئەمساڵ هەموو زەوییەکانم تۆو دەکەم، تاکە خاوەنی هەموو عەمبارەکان دەبم، عەمباری گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و برنج... لە عەلوەکانی سەوزە و میوەجات گەمە بە نرخی شتەکان دەکەم، ژێر زەمینەکانی لێ پڕ دەکەم، فەردە داخ سوور و داخ شینەکان، دانەویڵەی هەموو دونیا.. هی خۆم دەبێ.. پایتەختیش داگیر دەکەم.. ئەمساڵ هات بێ یەک و دەیە.. ئاقارەکانی قەراغ شارم لە دەشتی قەراجیش بە بەرەکەترن..» (حەسەن،٢٠١٥، ل٤٢٣). (چەلەبی) کەسێکی دەم پیسی بێ سۆز و بێڕێز و چەوسێنەر بووە بەرامبەر بە خزمەتکارە نزیکەکانی «سەگباب.. سەگی سەگبا..با..با.. با..ب.. داهۆڵی داهۆڵ باب.. (ماکەر.. مالۆس.. تۆ کەڕی؟).. بەو پێ پەتییەی هەتا شەق دەگرێ خێواندییە قونی حەمە.. تێی تەقاند.. گەلا و گەڵ وەک بڵێی قۆڕ بووبێ دەگەڕا، کلاشەکەی دۆزییەوە، هاتەوە بەردەمی، لەبەر پێیا نوشتایەوە، بە هەر دوو دەست چنگی لە هەر دوو گۆزینگی چەلەبی گیر کرد، پێی بەرز کردەوە، پێیەکی پان کە تەنها حەمە داهۆڵ و سەرکار و سەپانەکانی دیکە تامی تاڵی شەقەکانیان دەزانی، زۆری خایاند تا پێی کەوتەوە ناو کلاشەکە، حەمە ئارەقەی ڕەش و شینی دەردەدا..» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٤٢٦-٤٢٧). لە بەرامبەر ئەم جۆرە بیرکردنەوە سەرمایەدارییەدا، کەسانێک هەن کە یارمەتیدەری (چەلەبی)ن بۆ گەیاندنی بە ئامانجە چڵێسەکانی، چینی ڕەش و ڕووت و برسییە ڕاستەقینەکانن، لە گەڕەکێکدان بە ناوی (گەڕەکی داهۆڵەکان)دەژین، دیارە مەبەستی چیرۆکنووس لەم ناوە بۆ لێکچواندنی دانیشتوانی ئەم گەڕەکەیە لە شڕی و ڕووتی جلوبەرگیان و لاوازی لاشەیان بە هۆکاری برسێتی بە داهۆڵ؛ بۆیە (چەلەبی) منداڵی گەڕەکەکە لەجیاتی داهۆڵ بۆ پاسەوانی کردن لە کێڵگەکەی بەکار دێنێت. «دەرگای شەق و پەقی خانووە قوڕەکان.. دەیەها باوکی برسی و تووڕە و ڕیش نەتاشراو، سەر و سیمای خەم لێ نیشتوو دەرگایان کردەوە، لە پشت هەر باوکێکەوە منداڵێکی چڵمن و پڵکن و لیکن و چاو زەرد بە دەردی بەدخۆراکی.. مل باریک و لاق باریک سەرەتاتکێی بوو، ترس و برسێتی چاوانی ڕشتبوون، کۆڵانە و کۆڵان، ماڵە و ماڵ.. نەک وەک کۆمەڵێ منداڵی برسی و ترسنۆک و شەرمن، بەڵکو

وەک کۆمەڵێ داهۆڵ لە پشتی پیکەبەکە بار کران..» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٤٢٨). برسێتی و زەحمەتی ژیان وای لەو منداڵانە کردووە سەر بۆ چەوساندنەوە و هەڕەشە و وتە ناشیرینەکانی چاو برسییەکی وەکو (چەلەبی) شۆڕ بکەن و بن بە داهۆڵ بۆی «چڵمنینە.. نەهێڵن هیچ مەلێک توخنی زەوییەکەم بکەوێ، ئێواریێ دێمەوە دووتان.. هەفتانەکەشتان...... دەیدەمە باوکتان..

مناڵە لاق باریکەکان نقەیان نەکرد.

گوێ بگرن و لێم مەبن بە داهۆڵەکان، هەریەکەتان دەبێ پاسەوانی چاک بێ، دەنا ڕۆژانەکەی لێ دەبڕم، هەریەکەتان قووتوویەک لە حەمە وەردەگرێ و پڕی کەن لە بەرد، وەک شەقشەقە ڕایوەشێنن و بیکەن بە هەرا و زەنا و قیامەتێک نەبێتەوە.. وانەبێ مەلەکان ئێوەش بە داهۆڵ دەزانن.. منداڵە چاو زەردەکان چاو مردووەکان نقەیان نەکرد...» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٤٢٨). لەم چیرۆکەدا هەر سەرمایەدار چەوسێنەر نییە، تەنانەت باوکەکانیش بە شێوەیەکی تر و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و بژێوی ژیانیان و خێزانەکانیان، ستەم لە منداڵەکانیان دەکەن و دەیدەنە دەستی قەدەرێکی نادیار و کەسانێکی چاوبرسی وچاوچنۆکی وەک چەلەبی «بۆ ڕۆژی دووەمیش چەلەبی دە منداڵی دیکەی بردەوە سەر زەوییەکەی پاسی بکەن، ئێوارە دە داهۆڵی بردەوە شار..بۆ ڕۆژی سێیەمیش هەمدیس دە مێردمنداڵ یبردە ئەو ئاقار ەو.....» (حەسەن، ٢٠١٥، ل٤٣٢)

چیرۆکنووس لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە دەیەوێت تێمای برسێتی چینی هەژار و پەیامی نەبوونی بەزەیی و مرۆڤایەتی لە لایەن چینی چاوچنۆکی چاوبرسیی دەرەبەگ و سەرمایەدارانی کۆمەڵگای کوردی بە سوودوەرگرتن لە برسێتی هەژاران، بە هەل زانین بۆ بەکارهێنانیان لەپێناو زیادکردنی سەروسامانی خۆیان، لە بەرامبەریشدا چینی ڕەش و ڕووتی برسیی ڕاستەقینە و هەژاری کۆمەڵگا، لەپێناو پەیداکردنی ژەم و بژێوی ڕۆژانە، ئامادەن منداڵەکانیان بکەن بە داهۆڵ و قوربانی بۆ کەسێکی چاوبرسی و تەماعکاری وەک چەلەبی، بخاتە ڕوو.

**ئەنجام**

١- تێما ئەو بیرۆکە سەرەکییەیە کە لەناو بەرهەمێکی ئەدەبیدا، جا ئەو بەرهەمە چ شیعر چ پەخشان (چیرۆك، ڕۆمان...)بێت، بە شێوەیەکی نهێنی خۆی شاردۆتەوە، کە تێیدا بۆتە هۆکاری سەرەکیی هەڵوێست و ڕووداوی نێو دەقەکە.

٢- لە چیرۆکی(خوشکەکان) دا لە ڕێگای تێمای قەیرەییدا چیرۆکنووس هەستی ئێش و ئازار و ناخۆشی و ململانێیەکانی خێزان و کۆمەڵگا کە ڕووبەڕووی قەیرە کچان دەبنەوە، هەروەها هۆکار و بەربەستەکانی شوو نەکردن و مانەوەیانی خستۆتە ڕوو.

٣- لە ڕێگەی چیرۆکی (بێوەژن)دا شێرزاد حەسەن تێمای (چەوساندنەوەی ئافرەت)ی لە دۆخی (بێوەژن)یدا بووەتە بیرۆکەی سەرەکیی دەقەکە. ئەم کەسایەتییە لە لایەن تاک و کەسوکاری ئافرەتەکە و کۆی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە چەوسێنراوەتەوە.

٤- لە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان)دا چیرۆکنووس تێمای(برسێتی) بە دوو شێوە، برسێتی چینی هەژار و چاوچنۆکی وچاوبرسی چینی سەرمایەدار و دەوڵەمەندی کۆمەڵگای کوردی خستۆتە ڕوو.

٥ – ئەوەی جێی سەرنجە چیرۆکنووس لەم سێ چیرۆکەدا زیاتر گرنگی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی داوە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

١. ئامادەکردنی لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، (٢٠٠٦)، زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٠٦)، ئەزموونی خوێندنەوە و چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣. ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان- ناوەندی غەزەلنووس- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٤. سابیر، پەرێز (٢٠٠١) بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥. حەسەن، شێرزاد(٢٠١٥)، کۆی چیرۆکەکان، چاپەمەنی مانگ، چاپی یەکەم، بانە.

٦. ڕەشید، هاوژین حەمە، (٢٠١٠)، ژن لە جیهانی ئەدەبی شێرزاد حەسەندا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر.

٧. خدر، هەتاو کەریم (٢٠١٢)، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان)، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، چاپی یەکەم.

٨. دیما، ئالیکساندەر (٢٠١١)، وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بەراورد، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١١.

٩..سەراج، عەبدوڵڵا، (٢٠٠٧) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشە نیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.

١٠. سەجادی، مەحمودی (٢٠٠٤) فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

١١. شارەزووری، یادگار لەتیف (٢٠١٥)، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، بنچینە مەعریفییەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکان بنەچەی سەوسەن وەک بواری کار، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٢. قەرەداغی، مەهاباد (٢٠١٨)، ئافرەتیزم-مێژووی تێکۆشان بۆمافی یەکسان لە باشووری کوردستان١٩١٨-٢٠١٨- چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم.

١٣. قادر، هیوا (١٩٩٧)، ئەو پیاوەی لە توڕەبووندا جوانە، چ یەکەم، گۆڤاری ڕەهەند، ستۆکهۆڵم.

١٤. گیدنز، ئەنتۆنی (٢٠٠٩)،وەرگێڕانی: حەسەن ئەحمەد مستەفا، کۆمەڵناسی، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

### سەرچاوە عەرەبییەکان

١٥. الجميل، انطون (٢٠١٢)، الجوع والمجاعات، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة

١٦. الرماني، د. زيد بن محمد (٢٠٠٣)، اقتصاد الجوع-تقارير و دراسات، مكتبة الرشد، رياض.

١٧. آل سعود، سارة بنت عبدالمحسن بن عبدالله لای جلوي (٢٠٠٠)، المرأة المسلمة و الظلم الاجتماعي المعاصر، مكتبة الملك فهد الوطنية اثناء النشر، الدمام.

١٨. تروش، حسين، (٢٠١٥) الخطاب الشعري عند محمود درويش، دراسة موضوعاتية، جامعة سطيف٢، جزائر.

١٩. حسن، عبدالكريم، (١٩٩٠) المنهج الموضوعي نظرية و تطبيق، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان.

٢٠. عبدالنور، جبور (١٩٨٤)، المعجم الادبي، دار العلم للملايين، ط٢، لبنان، بيروت.

٢١. علوش، سعيد (١٩٨٩)، النقد الموضوعاتي، شركة بابل للنشر والطباعة، ط١، الرباط، المغرب.

٢٢. كريزويل، إديث (١٩٩٣)، عصر البنيوية، ترجمة: جابر عصفور، دار سعاد الصباح، ط١، الكويت.

٢٣. كولو، ميشيل (١٩٩٧)، النقد الموضوعاتي، ت: د. غسان السيد، مجلة الاداب الأجنبية، عدد (٩٣)، اتحاد كتاب العرب، دمشق.

٢٤. مجموعة من الكتاب، ترجمة: د. رضوان ظاظا (١٩٩٧)، مدخل الى مناهج النقد الادبي، عالم المعرفة، الكويت.

٢٥. مور لاپيه، فرانسيس- كولينز، جوزيف، ترجمة: احمد حسان (١٩٨٣)، صناعة الجوع، عالم المعرفة، كويت.

٢٦. وهبه، مجدي – المهندس، كامل (١٩٨٤) معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، مكتبة لبنان، بيروت.

**المجلة**

٢٧. النعيمي، د. هادي صالح رمضان – الجباري، چنار عبدالقادر احمد (٢٠١٠)، قلق المستقبل لدى المدرسات المتأخرات عن الزواج فی مركز محافظة كركوك، مجلة التربية و العلم، المجلد١٧، العدد٣.

### أطروحة ماجستير و دكتوراه

٢٨. عبدلي، محمد سعيد (٢٠٠٣)، البنية الموضوعاتية في عوالم نجمة لكاتب ياسين، أطروحة الدكتوراه، جامعة الجزائر.

٢٩. خزنەدار (١٩٩٢) نارين جمال عبدالقادر(١٩٩٢)، أسر الأرامل دراسة ميدانية في مدينة بغداد، جامعة بغداد، كلية الاداب، درجة

الماجستير.

**نامەی ماستەر**

٣٠. عبدالكريم، دڵان عثمان، (٢٠١٤) تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٠ز) نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**سەرچاوەی فارسی**

٣١. داد، سیما (٢٠٠٨)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ دید آور، چاپ سوم، تهران.

**گۆڤار**

٣٢. سلێمان، هەژار فەقێ (٢٠١٥/٦/٥)، تێمای (سەر) وەک مەدلوولێکی بێ شکۆ لە نێوان وەسل و فیراقی مەعشووقدا لای مەحوی، گ: رامان، ژ(٢١٧).

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

33. J.A.cuddon (2006). Dictionary of Literary Terms & Literary theory, Hafez press, Tehran.

34. John peck and Martin Coyle (2007). Literary Terms and Criticism, Payk publisher, Tehran.

35.Weber ,Jean-Paul(1963). Domaines thématiques. Paris, éditions Gallimard.

36. Werner, Sollors(1993). The return of Thematic Criticism, Harvard University Press, Cambridge, Massachusetts, London. England.

## الملخص

**الثيمــة في قصص (شيرزاد حسن) قصص (الأخوات، الأرملة، حي الفزاعات) نموذجا**

هــذا البحــث يختــص بدراســة النقــد التيماتيكــي، إن موضــوع الثيمــة لــه حضــور كبيــر في العديــد مــن الدراســات و النقــد في الادب الاوروبي والنقــد العــربي الحديــث، في الســنوات الاخيــرة أولــى النقــاد الاكــراد الاهتــمام بهــذا الموضــوع. إن موضــوع الثيمــة يلعــب دورا رئيســيا في دراســة النقــدالادبي وذلــک في إيجــاد و الکشــف عــن الفکــرة الرئيســية للنــص الادبي. تکمــن أهميــة البحــث في انــه لحــد الان نقــاد الکــرد اکاديميــا لم يهتمــوا کــما يجــب بهــذا الموضــوع، ولذلــک يمکــن القــول ان هــذا البحــث بــاب جديــد للنقــد الادب الکــردی. يتکــون هــذا البحــث مــن مقدمــة و فصلــين. الفصــل الاول يتکــون مــن ثلاثــة محــاور، المحــور الاول يعــرض باختصــار مصطلــح الثيمــة و المحــور الثــاني يتضمــن تعريــف لمصطلــح الثيمــة، وفي المحــور الثالــث نســتعرض المفاهيــم الثلاثــة (العانــس، إضطهــاد المــرأة، الجــوع)، وفي الفصــل الثــاني بثلاثــة محــاور نعــرض الثيمــــة في قصــص (شــيرزاد حســن) قصــص ((الأخــوات، الأرملــة، حــي الفزاعــات) نموذجــا.

**الكلمات الدالة:** ثيما، القصة، العانس، الفکرة الرئيسية، إضطهاد المرأة.

## Abstract

Theme in Sherzad Hassan's stories with the example of the story (Sisters, Widow, Scarecrow Neighbourhood)

This research is titled *Theme in Sherzad Hassan's stories with the example of the story(Sisters, Widow, Scarecrow Neighbourhood*). Theme is obviously present in much of the research and criticism of new European and Arabic literature Kurdish critics have paid great attention to it in years.The term theme plays a major criticism in revealing and finding the main idea of a literary text. This research consists of an introduction and two parts. The first section consists of three chapters. In the first chapter briefly describes the term theme in terms of linguitic. The second chapter describes the definition of the term. In the third chapter, we duscussed the three concepts of themes (the spinster, the oppression of Women, and hunger). And in the second section which is practical, titled the theme of Sherzad Hassan's stories with the example of the story(Sisters, Widow, Scarecrow Neighbourhood), With three of axes are discussed and researched.

Keywords: theme, story, spinster, the main idea, oppression of women